# پێویستە دیالۆکی شاندی پارتە سیاسیەکان لەگەڵ تورکیادا لەسەر حسابی بەرژەوەندی نەتەوەیی نەبێت

بەپێی راگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان رۆژی 11- 11- 2007 شاندێکی پارتە سیاسیەکان سەردانی تورکیایان کرد، هەتا ئێستا بەفەرمی رانەگەیەندراوە کە ئەجێندای ئەو شاندە چییەو لەسەر چی بنەمایەك سەردانی تورکیا دەکەن، تەنیا ئەوەندە نەبێت راگەیاندنەکان دەڵێن ئەم شاندە بۆ هێورکردنەوەی بارگرژی نێوان تورکیا وهەرێمی کوردستان روویان لەتورکیا کردووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەنجومەنی پارتەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستان هیچ روونکردنەوەیەکی نەداوە سەبارەت بەبەرنامەی ئەم شاندە. خاڵی سەرنجڕاکێشیش ئەوەیە کەرۆژی دواتر د. فؤادحسین سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و وتەبێژی ژووری عەمەلیاتی هەرێم لەسەر ناوی سەرۆکایەتی هەرێم رەخنەی ئاڕاستەی پارتە سیاسیەکان کرد سەبارەت بە ئاشکراکردنی هەواڵی چوونی ئەم شاندە و گوتی بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی باڵای پارتەسیاسیەکان پێویست بوو ئەم شاندە بەنهێنی بچێ بۆ تورکیا. بێگومان ئاشکرا نەبوونی ئەجێندای ئەم شاندە ئەو هەواڵەی کە دەڵێت پێویست بوو بە نهێنی بچن گومان دروست دەکات کە ئەم شاندە بتوانن لە دانیشتنەکانیاندا ئەنجامی پۆزەتیڤ بەدەست بهێنن.

ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان چوونی شاندێکی بەمرەنگە بە پێویست نابینین، چونکە هەتا ئێستا تورکیا ئامادە نییە کە ستاتۆی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بناسێت و وەڵامی دەستپێشخەرییەکانی (پ.ك.ك) و حکومەتی هەرێم ناداتەوەو هەڕەشەی هێرش دەکات و هیچ پرۆژەیەکی چارەسەری بۆ پرسی کورد پێ نییە. سەبارەت بە سەردانی ئەم شاندەش پێمان وایە لەلایەك سازشێکە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا و لەلایەکی ترەوە بێ ڕۆڵکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەم هەنگاوە وەها دەکات کە لەئایندەدا دەوڵەتانی تریش دام و دەزگا فەرمییەکانی هەرێم بەهەند وەرنەگرن و جارێکی تر پەیوەندی حزبی جێگەی پەیوەندی حکومی بگرێتەوە. ئەمەش زیان بەدەسکەوتەکانی گەلەکەمان دەگەیەنێت. هەبۆیە داوا لەو شاندەو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە پێداگری لەسەر ئەوە بکەن کە دەوڵەتی تورکیا وەڵامی ئاگربەستی (پ.ك.ك) بداتەوەو هیچ جۆرە سازشێك لە سەر پرسی کورد پەسند نەکەن و هیوانەدەنە دەوڵەتی تورکیا کە شەڕی کورد بەکورد هەڵگیرسێنێ. چونکە ئەوەی دیارە دەوڵەتی تورکیا دەخوازێت لەڕێگەی هەندێ دەسکەوتی کاتییەوە بۆ باشوور کوردستان جارێکی تر ڕووبەڕووی شەڕی کورد بەکوردمان بکاتەوە، چونکە دەزانن تەنیا بەم ڕێگەیە دەتوانن کورد لاواز بکەن و ئەو دەرفەتەی ئەمڕۆ لەدەستی کوردایە لەناوی ببەن. هەر بۆیە ئێمە هەر رێککەوتنێك لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بەبێ وەڵامدانەوەی بانگەوازی ئاشتیانەی (ك.ج.ك) و گەلاڵەکردنی پرۆژەیەکی ئاشتی کە تێیدا دەوڵەتی تورکیا ناسنامە و مافەکانی گەلی کورد بەفەرمی بناسێت، بە سازش و مەترسی دەبینین لەسەر ئایندەی کورد بەگشتی و دەسکەوتەکانی گەلەکەشمان لەباشووردا. لەهەمان کاتدا بانگەوازی لەجەماوەری گەلەکەمان و رۆشنبیران دەکەین کە بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دیدارەدا بکەن و هەرێککەوتنێك کە بەرژەوەندی گەلەکەمان بخاتە مەترسیەوە و زەمینەی شەڕی ناوخۆ دروست بکات پەسەندی نەکەن.

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

2007-11-13